الاتحاد العام اللاجئين العرافيين

فيدراسيۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - IFIR


# ئازادی خوازان و ئینسان دۆستان، ڕێکخراوەپەنابەری و یەکیتی یە کریکاریەکان، لەوڵاتانی ئەوروپا

## بەرامبەر بە سیاسەتی گیرانەوەی پەنابەرانی کورد رابوەستن!

هێشتا لەعیراقدا نە ژیان نە ئایندە نە قانوون نە ئەمنیت نە مافو ئازادی یەکان نە دەولەتێکی دڵخوازی خەڵك نە زەمینە بۆ ژیانێکی مەدەنی خەڵك ماوەتەوە نە خەڵك دەستی بە بچوکترین مافە سەرەتایەکانی خۆی گەیشتووە ،کەچی دەوڵەتانی ئەوروپا کە لەپشت نەخشەی ویرانکاریەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر خەڵکی عیراقدا راوەستان و هیچ بەرپرسیاریتی یەکیان لەبەرامبەر بارو ئەنجامە نائینسانی یەکانی ئەم هەلۆمەرجەی عیراق نیشان نەدا وبگرە کەوتوونەتە زەخت و فشار هینان بۆ پەنابەرانی کوردی عیراقی و دەست بردن بۆسیاسەتی دیپۆرتکردنەوە. ئەم هەنگاوە جگە لەوەی سیاسەتێکی نائینسانییە پێچەوانەیە بەهەموو یاساکانی نیو دەولەتی لەبارەی ماف پەنابەریوە، هاوکات هێرشە بۆ سەر ئینسان ومافەکانی لەسەر تاسەری ئەوروپادا.

بەدوای گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کوردی عیراقی لەبەریتانیاوە بۆ کوردستانی عیراق ئەویش بەکەلەپچەو جلوبەرگی سەربازی و بەئیهانە و سوکایەتپێکردنەوە، ریگای خۆشکرد بۆزۆربەی وولاتە ئەوروپی یەکانی وەك (سوید، فنلاند، سویسرا، ئەلەمانیا ..) کەخۆیان بە لانکەی شارستانییەت ومافی مرۆڤ و دیمکراسی پێناسەدەکەن، بە بەهانەی (ئامن بوونی کوردستان) سیاسەتی ناردنەوەی پەنابەرانی کورد بگرنە پێش ، پەنابەران بەزۆر رەوانەی وولاتێك بکەنەوە کەبە ئیعترافی هەموو ناوەندە سیاسی یەکان خەتەرناکترین شۆینی جیهانە.

لەکاتیکدا تەواوی دەوڵەتە ئەوروپی یەکان ئەوراستی یە باش دەزانن کە زیاتر لە 4 ملیون لەخەڵکی عیراق بۆ خۆدەربازکردن لە جەنگو نا ئەمنی ژیانی ئاوەرەبوونیان هەڵبژاردوە وەزیاتر لە 2ملیونیش لەناوخۆی عیراقدا بیٚ پەنان تەنانەت شۆینی حەوانەوەشیان نی یە.

کوردستان کە دەولەتە ئەوروپایەکان بە ناوچەیەکی ئارام ناوی دەبەن 4ملیون لە خەڵکی کوردستان چارەنووس و ئایندەی گریدراوەتەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکاو و لەژیر سایەی دوو دەسەلاتی ملیشایای و چەکداری قەومیدا راگیراوە، کە تەنها خەریکی خۆدەوڵەمەندکردنی خۆیان وسەرکوتی کۆمەڵانی خەڵکن. زیندان وئەشکەنجە و هەرەشەکردن لەئازادی خوازان هەروەها پەرەگرتنی تیرۆری ژنان و نا ئۆمیدکردنی گەنجان، تا نەبوونی قانوون وپەرەسەندنی گەندەڵی سیاسی و ئیداری ودەیان دیاردەی تر ، نە کوردستان جێگیرە و نە حکومەتێکی بەرەسمیەت ناسراوی هەیە لەئاستی دنیادا. ئەمەش لەکاتیکدایە کەلەم رۆژانەی رابردوودا دیاردەی تەقینەوەو نائەمنی بۆ ژیانی خەلکی شارەکانی کوردستان ئیزافە بووە. لەلایەکیتریشەوە راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو و راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرۆشنی ئاماژە بەپێشلکردنی ماف مرۆڤ و ناجیگیری کوردستان دەدەن،هەرەشەی دەوڵەتانی دروا‌سیٚ عیراق لەولاوە بۆستیٚ کە هەر ئێستا تورکیا دێکان و ناوچەکانی سنوری کوردستان تۆپباران دەکات... هەموو ئەمانە بەڵگەن بۆ ناجێگیری سیاسی و نادیارمانەوەی وەزعیەتی کوردستان وبەم هۆیەشەوە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لاوان رۆژانە روو لەژیانی پەنابەریتی دەکەن. پەنابەرانی کوردستان لەئاکامی بارودۆخێکی سیاسی و هەڵواسراوی چارەنووسی کوردستان و ناجێگری وبیٚ دەوڵەتی ناچار بوون ژیانی پەنابەری هەڵبژیرن.

دەولەتانی ئەوروپا نا یانەوێت بە رێگایەکی دروستو ئینسانی کێشەی پەنابەران حل بکەن بەڵکو پەنا دەبەنە بەر رێکەوتنی شاراوەو نهێنی لەگەڵ حکومەتی عیراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران تا دەولەتەکانیان لەپەنابەری عیراقی پرنەبێ وشان خاڵی دەکەن لە بەرپرسیاریتی بارو ئەنجامی ئینسانی یەکانی ئەم هەڵومەرجە ترسناکەی عیراق ، تا ئیستا 87 پەنابەری کوردی عیراقی لە لایەن حکومەتی بەریتانیا بەکەلەپچەو جلوبەرگی سەربازی رەوانەی کوردستانکراوەتەوە، ئەم هەنگاوە لەکاتیکدایە کە رۆژ نیە پەنابەرانی کوردستان لە وولاتەکانی ئەوروپا داوای مافی پەنابەری نەکەن و یا لەریگای ئاوارە بووندا تووشی رووداوی دڵ تەزینو جەرگ برو مەرگەساتی تیاچوون وە یان نەخنکێن لەدەریادا.

**بەریزان**

سەدان پەنابەری کورد ساڵانێکی زۆرە لە کەمپەکانی پەنابەری و گرتووخانە دەستبەسەرەکاندا ژیان بەسەر دەبەن وەڵامی رەت وەردەگرنەوە، دەیان پەنابەر خۆیان وخیزان و منداڵەکانیان کە ساڵانێکە لە وولاتە ئەوروپیەکان ژیانیان دامەزراندوە رووبەرووی هەرەشەی بەزۆر ناردنەوەکراون، دەیان پەنابەری کورد بەهۆی بێ وەڵامی و خراپی ژیانی پەنابەریو محرومی لەهەموو پێداویستیەکانی ژیان تووشی نەخۆشی دەرەوونی هاتوون وەیان لەداخا خۆیان کوشتووە، ئەگەر ژیانی ئەم پەنابەرانە بکریتە کتیب وفلیم هیچ ئینسانێك نی یە پشتیوانیان لیٚ نەکات و یەخەی دەوڵەتەکەی لەسەرنەگرێت لەپێناو بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری و مافی نیشتەجیٚ بوونیان.

داواکارین لەتەواوی خەڵکی ئازادی خوازو ئینسان دۆست و حزبو لایەن ویەکیتی کریکاری ورێکخراوەپەنابەری یەکان لەپاڵ نارەزایەتیەکانی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کە رۆژی 22 –6 بەریٚ خستوە لەسەرتاسەری ئەوروپا دژ بەدیپۆرتی پەنابەرانی کوردی عیراقی رابوەستن وداواکاری بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری وەسیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بەشکست بکێشن. خەڵکی عیراق و کوردستان پێویستی بەپشتیوانی ئێوە هەیە..

**دەشتی جەمال**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007-6-14

d.jamal@ntlworld.com

POBOX1575,ILFORD IG1 3BZ ,LONDON,UK Tel:0044 7856032991 or 00447895636633

www.csdiraq.com ifir2007@yahoo.com